**بازرگانی مەرگ**

# دەستەبەرکەری گازی ژەهراوی سەددام حسێن
# هۆڵەندی‌یە: فرانس ڤان ئەنرات*


نووسینی ئارنۆڵد کارسکێنس
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە کامەران ئەحمەد
kameran.sorany@gmail.com


**بەپێی ئەنجامگیری‌یەکانی پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق جەنگێکی تری کەندا و لە هەڵگیرساندایە . دەرفەتی ئەوەی کە فرانس ڤان ئەنراتی هۆڵەندی جارێکی تر ڕۆڵێکی دیارتر بگێڕێت گەورەیە . بەو هۆیەوەی کە ئەو دەستەبەرکەری سەرەکی گازی ژەهراوی بووە بۆ سەددام حسێن .**

گازی ژەهراوی مۆستەردگاز( خەردەل) بۆنی پیاز و سیری لێدێت، هەربۆیە پێشی ئەوترێت " هەناسەی شەیتان". تەنیا بەرکەوتنی تۆزقاڵێک لەم تێکەڵە قاوەیی‌یە چەورە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا ئەبێتە هۆی زۆرترین ئازاری سوتانەوەی لەش، ئەگەر بەر چاوەکان بکەون ئەوا ئەبێتە هۆی لە دەست دانی بینایی، و هەڵمژینیشی لەوانەیە کاریگەری یەکجار خراپتری هەبێت، سی‌یەکان و بۆری‌یەکانی هەناسە ئەسوتێنی گرژبوونێکی لە سەرخۆ ناکرێ خۆی لێ لابدرێت. لە سەدا شەستی ئەو سەرباز و خەڵکە سڤیلانەی کەلە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ( 1914- 1918 ) ئەم ماددەیەیان هەڵمژی لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا گیانیان لە دەست دا .

> بە پێی ( FBI) فرانس ڤان ئەنرات لانی کەم 538 تەن ماددەی ( Thiodiglycol) لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ڕەوانەی عێراق کردووە، کە لە گەڵ تێکەڵەی ( Zoutzuur) بڕی 600 تەن مۆستەردگازی لێ بەرهەم دێت کە ئەم بڕە ژەهرە بەسە بۆ کوشتنی هەموو خەڵکانی سەر گۆی زەوی.

کەسانێک هەن کە بازرگانی بەم گازە ژەهراوییەوە ئەکەن و بەو پێیەش بە" بازرگانی مەرگ" ناوزەد ئەکرێن. بۆ ئەم کارە سەرباری دڵڕەقی و توندوتیژی ئەبێت زۆر گەمژەش بێت. کێ جارێک وێنەکانی قوربانیانی ئەم گازە ژەهراوی‌یەی دیبێت ، تێئەگات بۆچی. یەکێک لە قاچاخچی‌یەکانی گەورەی جیهانی بەم ماددە ژەهراوی‌یە پیاوێکی جێبەزەیی‌یە. کاتێک کە 12 ساڵ لەمەوبەر لە بەغداد لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی کوێت بەرەو ڕووم هات خۆی وەک فرانز ناساند. پیاوێکی قژ پڕی بۆر، ڕیشێکی کورت ، و چەنەبازێکی شارەزا بوو. دیکۆری ئەو جێیەی کە لێی بووین زیاتر بە دیکۆری فیلمە کۆنەکانی ڕۆژئاوای ئەکرد. کاتێک لە دەرەوە دەنگی ڕاکێت و بۆمبەکان زرمەیان ئەهات، ئێمە پێکەوە لە سەر قەنەفەیەکی چەرمی ناو ئوتێل ڕەشید لە بەغداد بە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی قسەمان ئەکرد. فرانس کە 50 ساڵانێک ئەبوو بە دڵسۆزێکی گەرم و گوڕی سەددام ئەچوو کە وولاتی دراوسێی پەلاماردابوو. بۆچوونەکانی ڕوون و ئاشکرا بوون : " کوێت سەر بە عێراقە، ئەمریکا مافی نی‌یە کە پەلاماری عێراق بدات" .

ئەگەڕێمەوە بۆ هۆڵەندا بۆ بە دواداچوونی ژیانی فرانس. پاش ماوەیەک بۆم دەرکەوت کە هۆڵەندی‌یە و ناوی فرانسیسکۆس کۆرنەلیس ئەدریانۆس ڤان ئەنراتە و لەدایک بووی 9 ی ئۆگستی 1942 ە لە شاری دەنهێلدەر. پاش ووتووێژکردن لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی ڕایان گەیاند کە فرانس کەسێکی ژیر نی‌یە. خوێندنی 5 ساڵەی ( HBS ) لا گرانە و هەربۆیە ڕوو ئەکاتە ( HBS ) سێ ساڵی. پاش ئەوە فرانس دەست ئەکات بە خوێندنی لێکۆڵەرەوەی کیمیایی ( Middelbare beroepsopleiding)** . فرانس کەسێکی طموحە و ڕوو لە بەرزی‌یە و بەو هۆیەوە دەنهێلدەر بەجێئەهێڵێت و بە دوای یەکدا لەم شوێنانە نیشتەجێ ئەبێت : فێلسن، برێدا، بێڤەرڤایک، ڕایس وایک، کەپێلا ئان دە ئایسڵ، و ئەمستردام . لە زۆربەی بوارە کاری پیشەسازی پترۆکیمیایی و بازرگانی بە گازی شلەوە کار ئەکات.

فرانس بە نیازی گەڕان بە دوای سامانی خۆیەتی لە بواری بازرگانی پترۆکیمیاییدا. لە 12 ی سێپتەمبەری 1973 ئەگوێزێتەوە بۆ ژنێف، سویسرا. لەوێ بۆ نووسینگەیەکی ئەندازیاری ئیتالی- سویسری (Ingeco ) و نووسینگەییەکی ئەندازیاری نێو نەتەوەیی کیمیایی هۆڵەندی- ئەمریکی (KTI ) کار ئەکات . هەردوو دامەزراوەکان نەخشەکێشی کارگە ئەکەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم پەیوەندییانە بۆ فرانس دواتر سوودمەند بوون ئەندامێکی خێزانەکەیان : " فرانس کەسێکی باش بوو، بەلام ئەو لە بازنەیەکی هەلەدا ئەسووڕایەوە. زۆر بە خێرایی مارسیدسی گرانبەهای لێ ئەخوڕی. کە ئەمانووت : " فرانس ژیانی زۆر بە خێرایی ئەچێتە پێش" .

دوایی ساڵانێکی کەم فرانس ڤان ئەنرات دەست ئەکات بە کار لە دامەزراوی تایبەتی خۆی (FCA Contractor ) لە بیسۆن، سویسرا. (FCA ) کورتکراوەی ناوەکەیەتی. ماددەی (Thiodiglycol) لەگەڵ ماددەی (Zoutzuur ) تێکەڵ ئەکرێت و گازێکی ژەهراوی لێ بەرهەم دێت. دوای لێپرسینەوەکانی پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڤان ئەنرات ڕای ئەگەیەنێت کەچۆن ئەمانەی ئەنجام داوە: لە بەڵگەکانی گواستنەوەدا وا هاتوون کە دواین وێستگە سەنگاپورە یان سویسرایە، بەڵام لە واقیعدا بەڵگەکانی گواستنەوە لە ئەنتڤێرپن ( بەلجیکا ) تەزویر ئەکرێن و بارەکان بەرەو بەندەری عەقەبەی ئوردون بەڕێ ئەکرێن. لەوێشەوە شاحنەکان بەرە ئاراستەی عێراق بەڕێ ئەکەون. لە چەند کارگەی تایبەتدا مادده کیمیاییەکان تێکەڵ بە یەک ئەکرێن و بەرهەمی ئەم کۆکتێلە ( تێکەڵە) کوشندەیە لە گوللە و بۆمبەکان ئەکرێن. لەم ڕووەوە ڤان ئەنرات پێشێلی یاسایی کردووە. هەم بە تەزویرکردنی بەڵگەکانی گواستنەوە و هەم گواستنەوەشیان لەگەڵ دوژمن . لانی کەم تێکرای هەردوو پێشێلکارییەکە 20 ساڵ زیندانییە .

سەددام حوسێن دەزگای چەکی کیمیایی لە بەرامبەر ئێران بەکار ئەهێنێت لە کاتی جەنگی نێوان هەردوو وولاتدا. جەنگێکی زۆر بێ ڕەحمانەیە. ئێران دەست لە ناردنی منداڵان بۆ تەقاندنەوەی کێڵگەکانی مین هەڵناگرێت، و سەددام حوسێنیش بە دەوری خۆی چەکی کیمیایی لە بەرامبەر سوپای دوژمن لە شارەکانی سەر سنووری ئێران بەکار ئەهێنێت. وێنەی هەزاران کەس، پیاوان، ژنان، و منداڵان لە شاری خوڕەم شەهر ( 1987 ) و شاری باکووریی کوردی هەڵەبجە لە ساڵی ( 1988) کە بە گاز خنکێنراون بەناوبانگن و ناسراون.

دوای مەزندە کردن عێراقی دەوڵەمەند وخاوەن نەوت لە ماوەی ئەو سالانەدا 20 ملیارد یورۆ لە بەرەو پێش چوونی چەکی کیمیایی و بایالۆژی بەخەرج ئەدات، و فرانسیش چاوچنۆکانە باش لە سەری ئەلەوەڕێت. ئەو لە ڤێللایەکی قەشەنگ نزیک بە شاری (Lugano Lago ) سویسرا نیشتەجێ ئەبێت. لەم نێوەدا لە نێوان وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و عێراق هاتووچۆ ئەکات تا ئەو کاتەی لە ژەنیوەری 1989 لە شاری میلانی ئیتالیا لە کاتی تەزویر کردنی بەڵگەکانی گواستنەوەدا ئەکەوێتە تەڵەکەوە! هەرزوو لە لایەن ئەمریکاوە داوای بەدەستدانەوەی فرانس لە ئیتالیا ئەکرێت و لە کاتی چاوەڕوانیکردنی ئاکامەکەیدا فرانس ئازاد ئەکرێ و خێرا هەنگاوەکانی بەرەو عێراق هەڵئەگرێت. هەر بەو هۆیەوە فرانس ناوی ئەچێتە لیستی دە کەسی یەکەمی داواکراوانەوە لە لایەن (FBI ) ی ئەمریکییەوە. لەو کاتانەدا جارێکی تر لەو نێوەدا لە بەرچاوان وون ئەکرێت بەهۆی ئەندامانێکی قاعیدەوە.

فرانس پاش هێرشی عێراقیش بۆ سەر کوێت لە ساڵی 1990 هەر لە عێراق ئەمێنێتەوە. فرانس لە ئیمتیازاتی تایبەت بەهرەمەند ئەبێت. لە کاتێکدا کە تەواوی ئەوروپاییەکان لە عێراق و کوێت دەست بە سەر کران و بۆیان نەبوو کە ئەو وولاتە بەجێبهێڵن، فرانس ئەیتوانی بە بێ کێشە ڕووەو وولاتی دراوسێ ( ئوردون ) هاتووچۆ بکات و لە فڕۆکەجانەی پایتەختەوە ( عمان ) ئەتوانێت بەرەو وولاتانی تر گەشت بکات. هەر بەو شێوەیەش بووە کە لە سینگاپورە و هۆڵەنداش بینراوە . پاش ئەوەی کە سەددام حوسێن لە ساڵی 1991 جەنگی کەنداوی دۆڕاند ئەبوایە تەواوی بیانییەکان بچنە دەرەوەی عێراق، ڤان ئەنرات ئەمجارەشیان ئەم بڕیارە نەیگرتەوە. ژورنالیستی ئیسپانی ئەلفۆنسۆ ڕۆیۆ لە زاری یەکێک لە ئاسایشەکانی عێراقەوە ئاوا یاداشت ئەکات: " ئەم پیاوە زۆر شتی باشی بۆ وولاتی ئێمە ئەنجام داوە هەربۆیە سەددام جنسیەی عێراقی پێ بەخشیوە " . ئەم ژورنالیستە کە لەگەڵ ڕاپۆرتەدەری (Peter Arnett ) پیتەر ئارنێت وەکوو دوو کەسی بیانی کە مافی مانەوەیان هەبوو لە کاتی جەنگی کەنداو لەهەمان ئوتێلدا گوێ بیستی شوێنی کارکردنی فرانس ڤان ئەنراتیش ئەبێت ، ڕاستەوخۆ لە بینای بەرامبەر، وەزارەتی پیشەسازی سەربازی . کاتێک کە ئەم شوێنە ئەکەوێتە بەر بۆمب بارانی ئەمریکییەکان ڕۆیۆ پرسیار لە کارمەندێکی ئوتێلەکە ئەکات. ئەوان پەنجە بۆ فرانس ڕائەکێشن : " پرسیاری لێ بکە ، ئەو باش ئەزانێت، ئەو لەوێ کار ئەکات " .




فرانس لە کورتە ووتووێژێکی تەلەفونی لە ساڵی 1991 بە پێچەوانەی ئەمانە پێدائەگرێ . " هەرگیز، هیچ پەیوەندی‌یەکم لەگەڵ پیشەسازی سەربازی لە عێراقدا نی‌یە. بەرپەرچی ئەوەش ئەداتەوە کە چاوی بە سەددام کەوتبێت.

ژیانی پڕ لە خۆشگوزەرانی ڤان ئەنرات لە ساڵی نەوەدەکاندا هەروا درێژەی هەبوو. ئەو لەگەڵ ژنە هاورێ‌یەکی مەغریبی خۆی و پشیلەکەیاندا لە شەقامی حەیفای ی بەغداد نیشتەجێ‌یە. رێبەرێکی شارەزای ناو شاری بەغداد ئەڵێت: " لەم شوێنەدا تەنها ئەو عێراقی‌یانە ئەژین کە لەگەڵ حکومەتدا کار ئەکەن ، ئێرە شوێنێکی سوپەر ئامنە و چوونە ژوورەوەی زۆر بە توندی لە ژێر چاودێری‌دایە.

فرانسی بازرگانی مەرگ لەگەڵ هاوپیشە بازرگانی ئەڵمانی ( Peter Walaschek) بەشی زۆری پاشەکەوتی گازی ژەهراوی عێراق لە ئەستۆ ئەگرن. تیمە پشکنەرە تایبەتەکانی سەر بە ( UNSCOM) کە کاری دۆزینەوەو تێکشکاندنی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراقیان لە ئەستۆ گرتووە پاش دەرکردنیان لە عێراق لە ساڵی 1999 رایان گەیاند کە 38.537 چەکی کیمیایی ، لەگەڵ 690 ماددەی شلەمەنی پڕ لە ژەهر ،و 3000 تەنی نیوە بەرهەم هاتوو لەیَ تێک شکاندووە. بەلام بە دڵنیایی 500 قومبەلەی مۆستەردگاز و 150 بۆمبی پڕ لە کیمیایی هێشتا بە دوایاندا ئەگەرێن . ( FBI) پیَی وایە فرانس ڤان ئەنرات لانی کەم 538 تەن ماددەی ( Thiodiglycol) لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە رەوانەی عێراق کردووە، کە لەگەڵ تێکەڵەی ( Zoutzuur) بڕی 600 تەن مۆستەردگازی لیَ بەرهەم دێت کە ئەم برە ژەهرە بەشی لەناوبردنی دانیشتووانی سەرگۆی زەوی نەک یەک جار بەڵکو چەند جارێک ئەکات.

دەنیس باس ( Dennis Bass) کە بۆ دەزگای گومرکی ئەمریکی کار ئەکات و سەرقاڵی کۆنترۆڵکردنی ناردنە دەرەوەی نایاسایی ماددە کیمیایی‌یەکانە لە سەرەتای 90 ەکاندا بە ( Nieuwe Revu ) ی راگەیاند کە ڤان ئەنرات نوێنەری راستەوخۆی رژێمی عێراقە. ئەو هەوڵی دەستەبەرکردنی چەندین ماددەی کیمیایی تری داوە کە بۆ چەکی کیمیایی بەکار ئەهێنرێن. لە پاڵ مۆستەردگازدا هەروەها گازی ئەعصابیشی تێدایە. رژێمی عێراق پیَی راگەیاندووە : " ئێمە ئەمانەوێت، بچۆ بیان کرە و بیان هێنە بۆ ئێرە " .

لە دەوروبەری ساڵی 1997 دا ڤان ئەنرات بە شێوەیەکی رەسمی لە لایەن ( UNSCOM) ەوە لە سەر پایەی ئەو وەک کەسێکی شاراوە قسەی لەگەڵ ئەکرێت. یەکێک لە کۆنە پشکنەرەکانی ( UNSCOM) کە پیَی باشە بە نەناسراوی بمێنێتەوە ئەڵێت : " ئەو پردێکی لە نێوان ئەوروپای رۆژئاوا و عێراقدا لێداوە، بەشەکانی خوارەوەی وەزارەتی ئەشغالی عێراقی کە سەرقاڵی ئاوەرۆ و قەلاچۆکردنی نەخۆشی‌یەکانی رووەکە وەک رووپۆشێک بەکار هێناوە. عێراق بیَ زانیاری دەرەکی بیَ‌هێزە. هەر جارێک کە فرانس یەدەکە بنەرەتی‌یەکانی بەرهەم هێنانی چەکی کۆمەڵکوژی بۆ ناوەوەی عێراق دزە پێکردبێت وەک پیاوێکی مەزن تەماشا کراوە و مارسیدسێکی وەرگرتووە" . هەروەها ڤان ئەنرات عێراقی‌یەکانیش بۆ نووقوورچدانی باش لە بواری قاچاخچێتی کردن دا فێر ئەکات. بۆ نموونە بۆیان روون ئەکاتەوە کە چۆن بەڵگەکانی گواستنەوە بتوانن رێک بخەن.

ئەوەی فرانس لە سالانی رابردوودا لە بواری قاچاخچێتی‌کردنی بۆ ناوەوەی عێراق زانیوویەتی شاراوەیە. سنوورەکان لەگەڵ تورکیا و سوریا وەک بێژنگ پڕ لە کونن. و لەگەڵ وولاتی دراوسێش ( ئوردون ) دا بزواوترین بازرگانی تیا روو ئەدات. ئوردون - لە پێناو بەدەست هێنانی نەوت - لە ئاست بارە گومانلێکراوەکان چاو دا ئەخات.

ئێستا دوای یانزە ساڵ لە جەنگی کەنداو ، جەنگێکی تر لە هەڵگیرساندایە . بووش دەیەوێت رژێمی عێراق بروخێنێت لە ترسی ئەوەی کە عێراق چەکی کۆمەڵکوژی هەیە و جێگای متمانە نی‌یە و ترسناکە. بووش لە بەردەم کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک لە مانگی سێپتەمبەردا رایگەیاند کە : " عێراق گەورەترین عەمباری مۆستەردگاز، گازی ئەعصاب و

مادده كيمياييیەكانی تر ئەشارێتەوه و خەریكی سازدان و گەورەكردنی توانای بەرهەم هێنانیەتی لە بواری بەرهەم هێنانی چەكی كیمیاییدا" .

مۆستەردگاز ، بۆمبی ئەتۆمی هەژارەكان

گرنگترین مادده بۆ بەرهەم هێنانی مۆستەردگاز (Thiodiglycol) ە كە بە رادده‌یەكی زۆر لە بواری پیشەسازی ڕستن و چنین دا وەك مادده‌یەكی ڕەنگكەر بەكار ئەهێنرێت. تێكەڵكراو لەگەڵ ماددەی (Zoutzuur ) گازی كوشندەی مۆستەردگاز( خەردەل ) ی لێ بەرهەم دێت. بەو هۆیەوەی كە هەردوو  مادده‌كە لە بازاڕدا هەرزانن بە بۆمبی ئەتۆمی هەژارەكان ناوزەد ئەكرێت. سەرباری ئەوەی كە نیو گرام لەم مادده‌یە كوشندەیە هەروەها كاریگەری دەروونیشی لە لای هێزی بەرامبەر هەیە.

لەكاتی جەنگی جیهانی یەكەمدا ئەڵمانییەكان  68 هەزار تەن گازی ژەهراوییان بەكار هێنا كە بووە هۆی گیان لە دەستدانی 90 هەزار  سەرباز و نزیكەی یەك ملیۆن زامدار. بە بۆچونی سەرپەرشتیارانی  ( M.S.Nieuwehuizen ) لە بەشی پارێزگاری بایالۆژی و كیمیایی ( TNO) لە ڕایس وایك : لە باری تیۆرییەوە  تۆوی پیاوێك بەسە بۆ سك پڕكردنی ملیۆنان ژن بەڵام دیسان ئەكەویتە كێشەی دابەش كردنەوە. ئەم مەسەلەیەش بە هەمان شێوە چەكی كیمیایی ئەگرێتەوە" دواین ئەركی نێونەتەوەیی كە بریتییە لە ڕێكەوتن نامەی چەكی كیمیایی ساڵی 1997 كە بەرهەم هێنان ، خەزن كردن، و بەكارهێنانی  مادده شەركەرە كیمیاییەكان قەدەغە ئەكات كە لە لایەن 135 وڵاتەوە ئیمزا كراوە _ كە هۆڵەنداشی تێدایە - ، عێراق لە ئیمزاكەرانی ئەم ڕێكەوتن‌نامەیە نییە.

> هەر جارێك كە فرانس یەدەكە بنەڕەتییەكانی بەرهەم هێنانی چەكی كۆمەڵكوژی بۆ ناوەوەی عێراق دزە پێكردبێت پیاوێكی مەزن تەماشا كراوە و مارسیدسێكی وەرگرتووە"

لەهەر هێرشیكی ئەمریكادا ، فرانس ڤان ئەنرات لە لیستی داواكراوانی ئەمریكییەكاندایە. ئەكرێ ئەو بەنرخترین زانیاری لابێت لە سەر شوێن و پرۆژە نهێنییەكانی دامەزراوە كیمیایی و بایالۆژی و لەوانەشە ئەتۆمییەكان. بە هۆی ساڵانی زۆری مانەوەی لە عێراقدا ئەتوانێت زانیاری بدات لەسەر ئەو وڵات و كارگانەی كە بازرگانی چەكی كیمیاییان كردووە لە گەڵ عێراقدا. كێ لەگەڵ سەددام حوسێن كار بكات بێشك لەگەڵ تۆڕی تیرۆریستی ئەلقاعیدە و ئوسامە بن لادنیش بازرگانی ئەكات . لەگەڵ هەڕەشەی پەلاماری عێراق فرانس هەست بە خۆشی و ئارامی ناكات.  ئەگەر دەستگیر بكرێت لە لایەن هێزەكانی ئەمریكاوە ، ئەوا زیندانی ئەكرێت لە زیندانی ئەمریكی ( Guantanamo) كە ئێستا جێ مانەوەی چەند شەڕكەرێكی قاعیدەی ئەفغانییە.

ئالەم بارەیەوە كاروباری وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا ئەتوانێت چی بكات ؟ " زۆر كەم " بەپێی قسەكانی ووتەبێژ فرانك دەبراون. " لەو كاتانەی دەستگیر ئەكرێت، ئەو مافی پارمەتیدانی كۆنسوڵی هەیە، ئەگەر لە بارێكدا خۆی بیەوێت" . ووتەبێژ فرانك دەبراون باس لە شتێكی سەرنج ڕاكێش ئەكات : " ڤان ئەنرات ناوی لە لیستی ئەوانەدا نییە كە تاوانێكیان ئەنجام دابێت و بە دوایاندا ئەگەڕێن . ئەمە بە مانای ئەوەیە ئەگەر بۆ داواكردنی پاسپۆرتی نوێ هات ئەوا پاسپۆرتێكی نوێ وەرئەگرێت. لە هۆڵەندا بە دوایدا ناگەڕێن. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەمە فرانك دەبراون ڕێگای وەزارەتی دادمان پێ نیشان ئەدات.

ووتەبێژ ڤیكتۆر هۆلتوس ( Victor Holtus) خواستی داواكردنەوەی ڤان ئەنرات دوو ساڵ لەمەوبەر لە لایەن ئەمریكاوە ڕاكێش ( سحب ) كراوەتەوە. " لە دیسەمبەری 1997 خواستی دەستگیركردن و دانەوەی بە ئەمریكا لە لایەن ئەمریكاوە پێشكەش كرا و لە 20 ی نۆڤەمبەری 2000 دا بە بێ خستنە ڕووی هیچ هۆكارێك داواكە ڕاكێش كرایەوە.

سەرباری پرسیار كردن لە وەزارەتی دادی ئەمریكی هیچ ڕوونكردنەوەیەك نەبوو. كەوایە ڤان ئەنرات ئەتوانێت ئازادانە هاتووچۆ بكات . بەڵام پرسیار لێرەدایە كە ئایا سەددام ڕێ بەمە ئەدات ؟

سەرباری ئەمەش هیچ ڕوون نییە كە ئایا فرانس لە ژیاندا مابێت ئەمەش هۆكارێكی گونجاوە كە داوای دانەوەی فرانس ڕاكێش كرێتەوە .

ووتە بێژی ئەمریکا پاتریک جۆنس ( Patrik Jones) : " ئێمە دڵنیا نین بەڵام ساڵێک لەمەوبەر هێشتا لە ژیاندا بوو" . کۆنە پشکنەرێکی ( UNSCOM) وای بۆ ئەچێت کە هێشتا لە ژیاندا مابێت. " کەسێک کە بە درێژایی ساڵانێک خزمەتی سەددام حسێنی کردبێت وەک فرانس ڤان ئەنرات هەروا ئاسانی لەناو نابرێت" . بەڵام لەوێ لەوە ئەچێت کە ڤان ئەنرات هیچ سوودێکی بۆ سەددام حسێن نەمابێت، لەبەر ئەوەی پێدەچێت پەیوەندیە نێو نەتەوەییەکانی دوای 20 ساڵ لە بەغداد ووشک هەڵاتبن.

دایک و باوکی فرانس ڤان ئەنرات هەردووکیان تەمەن دەورەبەری هەشتا ساڵ ئەبن و هێشتاش لە دەنهێڵدەرن. ئەوان هێشتا چاوەڕوانی کوڕەکەیانن. ئەندامێکی خێزانەکەیان : " دەربارەی فرانس نادوێن" باوکی لە ووتووێژێکدا لەگەڵ ( Nieuwe Revu)" لەو باوەڕەدا نییە کە فرانس خەریکی قاچاخچێتی کردن بە مەوادی کیمیایی بێت . " ئەگەر بەو شێوەیە بێت ئەوا هێشتا لەگەڵ مندا تەواو نەبووە ، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا هێشتا پەیوەندییان لەگەڵ کوڕەکەیاندا هەیە لە عێراق دایکی ئەڵێت: " بە ڕاستی زۆر ئەستەمە " ، هەروەها ژنەکەی ڤان ئەنراتیش ڕۆمانا ( Romana) کە بەشێوەیەکی ڕەسمی هێناویەتی و کوڕێکی لێی هەیە بە درێژایی ماوەی ئەم دە ساڵە هیچی لێ نەبیستووە. بە تەلەفون ئاگاداری کردم: " نامانەوێت هیچ مەسەلەیەکمان لەگەڵیدا هەبێت ! ".

ژمارە تەلەفونی ڤان ئەنرات لە بەغداد لە لای ( Revu Nieuwe) ناسراوە. قسەکەرێکی عەرەب دێتە سەر هێڵەکە و لە کاتی بیستنی ناوی فرانس ڤان ئەنرات دا تەلەفونەکە فڕێ ئەدات .

---

* ئەم نووسراوە لە ژمارە 50 ی Nieuwe Revu لە ساڵی 2002 دا بڵاوکراوەتەوە . لەبەر گرنگی مێژوویی ئەم نووسراوەیە لە دۆزی فرانس ڤان ئەنرات وەک ناوەندی هەڵەبجە - چاک پێمان باش بوو کە وەریبگێڕینە سەر زمانی کوردی .

** ئاستێکی خوێندنی پراکتیکی - ناوەندییە لە هۆڵەندا .